ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# دیموكراسی وئازادی له كوردستاندا ومنەتێكی فیرعەونییانه

فاضل قەرەداغی

رێگای یەكبوون ، ٦٨، ٢٦/٦/٢٠٠٠،ل ٥

ئێمەی ئیسلامی ڕووبەڕووی منەتێكی دەسەڵاتداران و نووسەرانی سەر بەوان دەبینەوە. ناوبراوان هەر كاتێك ڕەخنە له وەزعی ئازادی لەژێر سایەیاندا بگرین پێمان دەڵێن: ئەوە نییە ئازادیمان پێ بەخشیون كاری حزبی خۆتان بكەن و ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و بڵاوكراوەتان هەبێت.. یان دەڵێن: ئێمە ڕێگەی كاری حزبیتان پێ دەدەین بەڵام ئەو ڕۆژەی ئێوەی ئیسلامی حوكم دەگرنە دەست ئەو ئازادییەمان پێ ڕەوا نابینن.وەڵامی ئەو جۆرە منەتە پێویستی بە دوو ڕوونكردنەوە هەیە، یەكەمیان وردبوونەوە لەمیكانیزم (ئالیەت)ی ئەو دیموكراسی و ئازادییەی لەكوردستاندا هەیە تاكو بزانین ئەو ئازادییە بەخششێكی دەسەڵاتدارانە تا خۆمان بە منەتباریان بزانین، یان دابینكردنی ئەو ئازادییە بەخشش نییە بەڵكو ئەركێكی سەرشانیانە و پێویستە چاوەڕێی سوپاسی كەس نەكەن، یان هەبوونی ئەو ئازادییە ئەمرێكی واقعەو پێویست نە بە منەتی ئەوان و نە بە سوپاسی ئێمە دەكات.

دووەم ڕوونكردنەوە ئەوەیە تا چەند بڕوا بەوە بكەین كە دەرگاكانی ئەو ئازادییە بە ڕاستی بۆ هەمووان والآن.

پێشتریش حەز دەكەم باس لە هەستی خۆم كاتی بیستنی ئەو منەتانە بكەم. بۆ ئەم مەبەستەش (٣٢) سەدە دەگەڕێمەوە بۆ دوا بۆ ئەوەی چەند دیمەنێكی ئەو ڕۆژە دوورانە بهێنمەوە پێش چاوی خوێنەر.

لەو ڕۆژانەدا میللەتی بەنو ئیسرائیل (نەوەی یەعقووب) لەژێر چەوساندنەوەی فیرعەوندا ژیانیان دەبردە سەر. فیرعەون ئەو میللەتەی كردبووە كۆیلە، زوڵمی لێ دەكردن، سووكایەتیی پێ دەكردن، منداڵە نێرینەكانی ئەو میللەتەی دەكوشت. دەشبوایە مووسا(سەلامی خوای لێ بێت) وەكو منداڵانی تر ئەو چارەنووسەی ببینیایە بەڵام خودا چارەنووسێكی دیكەی بۆ بڕیاردابوو.

ئەوە بوو بە تەدبیری خودایی مووسا لە جیاتی ئەوەی بكوژرێت بووە یەكێك لە بنەماڵەی فیرعەون و لەكۆشكی ئەودا گەورە بوو. مووسا لەتەمەنی پیاوەتییدا كارەساتێكی لەدەست دەقەومێت و دژ بە خواستی خۆی پیاوێكی میسری دەكوژێت، بە هۆی ئەمەشەوە ناچار دەبێت لە وڵاتەكە هەڵبێت. پاش ساڵانێكیش لەغەریبی؛ خودا پێغەمبەرایەتیی پێ دەبەخشێت و بە دوو مەسەلەوە دەینێرێتەوە بۆ لای فیرعەون: فیرعەون چیتر خۆی بە خودای خەڵكی نەزانێت و مل بۆ خودای زەوی و ئاسمانەكان كەچ بكات، دووەمیش؛ بەرەڵاكردنی بەنو ئیسرائیل لە كۆت و زنجیری كۆیلایەتی تا مووسا بەرەو ئەو شوێنە بیانبات كە خودا بۆی دیاری كردوون.

لە نێوان مووسا و فیرعەونیشدا حیوارێكی دووروودرێژ دروست دەبێت كە لەم سەردەمەدا دووبارە دەبێتەوە وەك چۆن لە هەموو سەردەمانی پێغەمبەراندا دووبارە دەبووەوە.

لە بڕگەیەكی ئەو حیوارەدا فیرعەون دەڵێت: (*قالَ أَلَمْ نُرَبِّكَ فينا وَليداً وَلَبِثْتَ فينا مِنْ عُمُرِكَ سِنين، وَفَعَلْتَ فَعْلَتَكَ الّتي فَعلتَ وانت مِنَ الكافرين*) فیرعەون منەتی بەسەر مووسادا كردو ئەوەی خستەوە یاد كە بە منداڵی بەخێویان

كردبوو و لە ناو ئەواندا سالأنێكی تەمەنيی بردبووە سەر، پاشان تاوانە كۆنەكەی خستەوە يادی و ئەم تاوانەی بە كوفری نيعمەت دانا. مووساش نكوڵيی لەو تاوانە نەكرد بەڵام لە هەمان كاتدا وتی خودا جگە لەوەی لێی خۆش بووە فەزڵی پێ بەخشی و كرديە پێغەمبەر (*قالَ فَعَلْتُها اذاً وانا مِنَ الضالّين، فَفَرَرْتُ مِنْكم لَمّا خِفْتُكم فَوَهَبَ لي رَبّي حُكْماً و جعلني مِن الْمُرْسَلين*) مووسا پاشان پێی دەڵێت (*وتِلْكَ نِعمةٌ تَمُنُّها عَلَيَّ أنْ عَبَّدْتَ بني اسرائيل؟*) مووسا دەڵێت منت بەخێوكرد، بەڵام قەومەكەی منت كردبووە كۆيلە، جا ئەمە نيعمەتە تۆ بە سەر مندا دەيكەيتە منەت؟

ئەم وتەيەی مووسا (سەلامی خودای بەسەردا بباريێت) شەرحی حاڵی ئيسلامييەكان و دەسەڵاتداران دەكات.

زمانحاڵی دەسەڵاتداران و نووسەرنی سەر بەوان دەڵێت ئەوە نييە بارەگاتان هەيە، ئەوە نييە بڵاوكراوەو راديۆ و تەلەفزيۆنتان هەيە، ئەوە نييە ئێمە ئازاديمان پێ بەخشيون.

ئێمەش دەڵێين: بەڵام بەرامبەر بەوە ناهەقيی زۆر لە دژی ئەندامانمان دەكرێت. سووكايەتييان پێ دەكەن، قسەی ناشيرين و پڕوپاگەندە و بوهتانيان بۆ دروست دەكەن.

لە دەروازەی ئەو ديمەنە كۆنەوە هاتينە ناو دووەم روونكردنەوە كە لە سەرەوەدا كردبوومانە پێشەكی ئەويش: تاچەند بڕوا بەوە بكەين كە ئازادی بۆ هەمووانە.

هاووڵاتييان لەو رەفتارانەی دەرهەق بە ئيسلامييەكان لە ناوچە جياجياكاندا دەكرێن بێئاگان، تەنانەت زۆر لە ئيسلامييەكان تەنها لەوە ئاگادارن كە لە سنووری ناوچەی خۆياندا دەكرێن.

لە كوردستاندا جموجووڵی ئيسلامی لە گوندو قەزا و ناحييەكاندا لە ژێر چاودێری و فشارداية‌و لە ژمارەيەكی بەرچاو لەو شوێنانەدا بە تەواوی قەدەغەيەو جار نييە تەنانەت ئەو لاوانەی هاتوچۆی مزگەوتەكان دەكەن بۆ ليپرسينەوە بانگ نەكرين و هەرەشەيان لێ نەكريت تا دەگاتە حالەتی تەعداو ليدان. ناوچەی وا هەيە ئيسلامييەكان گوندو شارۆچكەكەی خۆيان جيهيشتووەو ئەوانەی ماونەتەوە ناچاربوون مت بن و لەو ((بەخششی ئازادی))يە بيبەش بن . ناوچەی گەورەو فراوانی وا هەن كە بەسەر دەسەڵاتداران تاپۆكراون و هەولی رۆژانە دەدرين بۆ بنەبركردنی هەموو چالاكييەكی ئيسلامی و غەيری ئيسلاميش. چالاكيی ئازادانەی ئيسلامييەكان لە شارە گەورەكاندا و بە تايبەت سێ شارە هەر گەورەكە قەتيس كراوە بەڵام وەنەبيت لەويشدا تەواوی ئازادی هەيە.

ئيسلامييەكان مەلەفی قەبەيان لەبارەی كارە نارەواكانی دژ بە خۆيان و كارەكانيان هەيە، خۆ ئەگەر بارودۆخيك بيتە پيشەوە بڵاوكردنەوەی ئەو مەلەفانەی ئاسان كرد هاووڵاتييانی كوردستان شتی عەجيب و غەريبيان دەبيستن و بەر لەوەوی رەخنە لە دەسەڵاتداران بگرن رەخنە لە ئيسلامييەكان دەگرن كە ئەمانەيان بە شاراوەيی هيشتبووەوە.

بەم شيوەيە ئيمە وەڵامی پرسيارەكەی سەرەوەمان بەوە دا كە ئازادييەكە نسبييە و بۆ هەمووان نييە. دەمينيتەوە ئەو برە ئازادييەی ئيسلامييەكان و غەيری ئيسلامييەكان(ئەوانەی دەسەڵاتدار نين) هەيانەو كە لەو ئازادييەی بەشيكی زۆری ولأتانی ديكەی ئيسلامی زياترە و ليرەوە دەپرسين: ئەگەر زانيمان كە باس لە ئازادی لە جيهانی ئيسلاميدا تەنها قسەيە ئەی بۆچی لە كوردستاندا بريكی زياتری ئازادی بۆ ئيسلامييەكان هەيە؟

لەمەشەوە دەگەريينەوە بۆ روونكردنەوەی يەكەمی منەتی دەسەڵاتداران واتە وردبوونەوە لە ئاليەتی ديموكراسی و ئازادييەكەی كوردستان تاكو هۆی ئەو ئازادييە بزانين.

ئاليەتی ديموكراسی لە رۆژئاوادا لە بنەمايەكدا كورت دەبيتەوە: هاوسەنگيی هيزەكان. ئەو هيزانە لە حالەتی هاوسەنگيدان و هيچيان لە توانايدا نييە ئەوی تر لەناوبەريت بۆيە دەسەڵات لە ريگەی سندووقەكانی

هه‌ڵبژاردنه‌وه ئاڵوگۆڕ ده‌کرێت؛ ئه‌مرۆ حزبێك حوکم ده‌گرێته‌ ده‌ست و سبه‌ینێ له‌ حوکم ده‌رده‌چێت و ده‌بێته‌ نه‌یارو خۆی ئاماده ده‌کات تا جارێکی ترو هه‌ر له‌ رێگه‌ی سندووقه‌کانی هه‌ڵبژاردنه‌وه بگه‌ڕێته‌وه ده‌سه‌ڵات. جاری واش هه‌یه حزبێك ده‌چێته‌ پله‌یه‌کی زۆر نزمتر وه‌ك چۆن حزبی لیبراڵ له‌ به‌ریتانیادا هاوشانی حزبی پارێزگاران بوو به‌ڵام له‌ نیوه‌ی یه‌که‌می سه‌ده‌ی بیستدا جێگه‌که‌ی بۆ حزبی کرێکاران چۆڵ کردو بووه حزبی سێیه‌م.

حاڵه‌تی دیکه‌ی هاوسه‌نگی ئه‌وه‌یه چه‌ند حزبێك هه‌ن له‌ رووی هێزه‌وه لێك نزیکن بۆیه ئیئتلاف پێك دێنن و تا ئه‌و رۆژه‌ی ئیئتلافه‌که هه‌ڵده‌وه‌شێته‌وه ئه‌و حزبانه له‌ حوکمدا ده‌بن.

هه‌ر کاتێکیش هێزێك بتوانێت هاوسه‌نگییه‌که له‌ به‌رژه‌وه‌ندیی خۆیدا بشکێنێت ده‌سه‌ڵاتێکی وای ده‌ست ده‌که‌وێت که‌ له‌و بڕه زیاتره که‌ گه‌مه‌ی دیموکراسی له‌ حاڵه‌تی هاوسه‌نگیدا رێگه‌ی پێ ده‌دات و کاری سلبیی له‌سه‌ر ئازادییه‌کان ده‌کات و ده‌توانێت چۆك به‌ زۆر که‌س و لایه‌ن دابدات که‌ به‌ره‌نگاری ده‌بنه‌وه. ئه‌و جۆره هێزانه‌ش به‌ پله‌ی سه‌ره‌کی بریتین له‌ چینی سه‌رمایه‌دار له‌ لایه‌ك و کۆمه‌ڵه‌کانی فشار له‌ لایه‌کی تر(که‌ به‌شێکیان دیسان سه‌ر به‌و چینه‌ن)و که‌ (لۆبی)ی جووله‌که‌ ته‌نها یه‌کێکه له‌و لۆبییانه.

له‌ سه‌رووی ئه‌و هاوسه‌نگییه‌ی هێزه‌کاندا (سه‌رجه‌م نیزامه سیاسی و کۆمه‌ڵایه‌تییه‌که‌) هه‌یه، بۆیه هه‌ڵکشان و داکشانی هێزی حزبیش که‌مێك نه‌بێت شتێکی وا له‌ هاوسه‌نگییه گشتییه‌که‌ی ئه‌و نیزامه کۆمه‌ڵایه‌تی و سیاسییه ناگۆڕێت.

له‌ رۆژهه‌ڵاتدا و کاتێك تاکه حزبێکی به‌هێز هه‌بێت باس کردنی دیموکراسی له‌ جیاتی ئه‌وه‌ی گه‌مه‌یه‌کی سیاسیی هێزه‌کان بێت ده‌بێته بووکه‌شووشه‌یه‌ك ده‌درێته‌ منداڵان بۆ ئه‌وه‌ی یاری پێ بکه‌ن و کاتی خۆیانیان پێ به‌رنه‌سه‌ر، بۆیه تێبینیی ئه‌وه بکه‌ن که‌ هه‌رکاتێك باس له‌ دیموکراسی ده‌کرێت مه‌به‌ست پێی(ئازادیی را ده‌ربڕینه) نه‌ك ئاڵوگۆڕکردنی ده‌سه‌ڵات و که‌ ئه‌مه شێواندنی واتای دیموکراسییه چونکه ئازادی ته‌نها به‌شێکه له‌ دیموکراسی.

جێگه‌ی مه‌به‌ست له‌ وردبوونه‌وه‌که‌ماندا حاڵه‌تی کوردستانه که‌ دوو حزبی ده‌سه‌ڵاتداری هاوشانی یه‌ك هه‌ن و هه‌ر یه‌که‌یان ناوچه‌یه‌کی له‌ ژێر ده‌ستدایه بۆیه هۆیه‌کی سه‌ره‌کی بۆ رێگه‌دان به‌ هه‌بوونی حزبی تر حاڵه‌تی ناچارییه ئه‌ویش به‌ حوکمی موونافه‌سه‌ی نێوانیان و که‌ هێچیان نه‌یانتوانیوه ببێته تاکه حزبی فه‌رمانڕه‌وا تا بزانین له‌ تاقیکردنه‌وه ده‌رده‌چێت و باسکردنی له‌ دیموکراسی تا چه‌ند بڕ ده‌کات. که‌واته بێ ئه‌وه‌ی باس له‌ هۆکاری دیکه‌ی وه‌کو فشاری ده‌ره‌کی بکرێت، هۆی سه‌ره‌کیی ئه‌و ئازادییه نیسبییه‌ی حزبه‌کانی تری غه‌یری دوو حزبی ده‌سه‌ڵاتدار هه‌یانه بریتییه له‌ هاوسه‌نگیی نێوان ئه‌و دوو حزبه‌و ئیتر پێویست به‌ هیچ منه‌تێك ناکات به‌وه‌ی رێگه‌یان به‌ حزبی تر داوه چونکه باوه‌ڕ هه‌بوون به‌ دیموکراسی واتای ئه‌وه‌یه که‌ ئه‌وان ئاماده‌ن هه‌ڵبژاردن ساز بده‌ن و ئه‌گه‌ر حزبێکی دیکه ده‌نگی زۆرتری له‌وان هێنا ئه‌وان به‌ ره‌زامه‌ندیی خۆیان لاده‌چن و جێگه بۆ ئه‌و حزبه چۆڵ بکه‌ن. دیاره شتی وا نییه‌و ده‌توانین له‌مسه‌ر تا ئه‌وسه‌ری کوردستان له‌ خه‌ڵك بپرسین (ئایا باوه‌ڕتان وایه ئه‌م حزبانه ئه‌مه بکه‌ن) بێ ئه‌وه‌ی تاکه که‌سێکمان ده‌ست بکه‌وێت به‌(به‌ڵێ) وه‌ڵام بداته‌وه، خۆ ئه‌گه‌ر که‌سێکی وامان بۆ هه‌ڵکه‌وت ده‌توانین به‌ دڵنیاییه‌و بڵێین که‌ یان درۆزنه یان شێته. هه‌ڵبه‌ته دوو حزبێك که‌ به‌ ئعترافی خۆیان له‌سه‌ر ده‌سه‌ڵات جه‌نگێکی ناوخۆیان به‌سه‌ر میلله‌تدا سه‌پاندبوو و له‌و پێناوه‌دا به‌ ناوبژیوانیی که‌س شه‌ڕیان رانه‌وستان و ئه‌مه‌ریکا نه‌بوایه ده‌ستیان له‌ شه‌ڕ هه‌ڵنه‌ده‌گرت ... چۆن ئیتر به‌ سنگ فراوانییه‌وه به‌ ناوبژیکردنی سندووقێکی ته‌خته و چه‌ند کاغه‌زێکی ره‌نگاوره‌نگ رازی بن.

هەر لەبەر ئەمەش ئامۆژگاریی هەندێك لە نووسەرانی سەر بە دەسەڵات كە دەبێت ئیسلامییەكان باوەڕیان بە ئاڵوگۆڕكردنی دەسەلات هەبێت دەنا جێگەیان لە دنیای دیموكراسیدا نابێتەوە (!!!)ئامۆژگارییەكی بێ مانایە و پێویستە پێشتر ئاراستەی خۆیانی بكەن.

كاتێكیش ئالیەتی دیموكراسییەكەی كوردستانمان زانی سنوورەكانی ئازادییەكەش دەزانین و بۆمان روون دەبێتەوە كە ئازادیی حزبەكان لەوەدایە كە بچووك بن و ئازادیی نشونماكردنیان نییە و هەر بۆیە ئیسلامییەكان كە گەشەیان سەندووە دووچاری ژمارەیەك كاری ناڕەوا بوون.

كەواتە چاكتر وایە واز لەو منەتە بهێنرێت و شتەكان وەكو خۆیان باس بكرێن. رەنگە لە پاش ئەم باسەشمان هەڵلا بەرزبێتەوەو بێ ئەوەی ئاوڕ لەو راستییانەو لەو ناهەقییانە بدرێتەوە بوترێت ئیسلامییەكان خۆیان بە مووسا دەشوبهێنن و دەسەڵاتداران بەفیرعەون ئەوەش راست نییە چونكە نە ئێمە دەگەینە ئاستی مووسا لەئیمانداریدا و نە ئەوان هێندەی فیرعەون بەدەسەڵاتن. كۆمیدیاكەش لێرەدایە: هێندەی فیرعەون دەسەڵاتیان نییە كەچی منەتی فیرعەونییانە بەسەرماندا دەكەن